## وەحشەتی دەوڵەتی تورکیا و بێدەنگی ئەوروپا ... کاوە ئەمین



پەرلەمانی تورکیا، یاسایەکی نوێی بە ناوی دژە تیرۆر پەسەند کرد کە لە ڕاستیدا خودی یاساکە و هەموارکردنی، کارێکی تیرۆریستیانەیە و دەکەوێتە خانەی تیرۆریی دەوڵەتی بەدژی گەلی کورد. ناوەڕۆکی یاساکە ئەگەرچی ناوی کوردی تێدانەهاتووە بەڵام بەئاشکرا هەموو ئازادییەکی کورد لە پەیڤێکەوە بگرە تا دەگاتە هەموو سیمبوڵەکانی کورد بە تایبەتی ڕەنگەکانی (کەسک و سوور و زەرد) و بەرزکردنەوەی ئاڵا و پۆستەر بەگوێرەی ئەو یاسایە قەدەخەیەو پۆلیس و سوپای داگیرکەری تورک بە بیانووی پاراستن یەکپارچەی خاکی تورکیا، دەستیان ئاوالاکراوە بۆ سەرکوتکردن و ئەشکەنجەو تیرۆری ئاشکرا و نهێنی بەدژی نەتەوەی کورد، هەربۆیە لە ئێستاوە مەترسی ئەوە هەیە کە کۆنترگریلا و جاش و میت و هەموو ئەو چەتانەی ناو سوپای تورکی، دەستبکەنەوە بە کوشتنی خەڵک، بە پشتیوانی ئەو یاسایە، بکوژەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە دەشاردرێنەوە، هەروەک لە ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە، بە دەیان تێکۆشەری کورد تیرۆرکران و تا ئێستاش بە دەیان کەس بێسەروشوێنن.

هەموارکردنی ئەو یاسا نوێیەی تورکیا، لە کاتێکدایە کە ڕۆژنامەی (ئۆزگور گوندەم) کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و بەزمانی تورکی دەردەچێت پەردەی لەسەر یەکێک لە دڕندانەترین کردەوەکانی سوپای تورکیا و میتی تورکی هەڵدایەوە، ئەوەش دوای ئەوەی کە وێنەی گریلایەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی بڵاوکردەوە بەناوی عەباس ئەنانی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە لایەن سوپای تورکیاوە لە (25/8/2005) دەگیرێت و پاش ئەوەی شەهیدی دەکەن، جلەکوردییەکانی بەری دادەکەنن و جلی سەربازی لەبەردەکەن و دەیسوتێنن، تا کەس نەتوانێت بیناسێتەوە. هەروەک لە وێنەکەشدا دیارە ئەو گریلایە چەند میتێکی تورکی دەستیان گرتووە و دوای ئەوەی کە فیشەکێک دەنێنن بەسەرییەوە دەیسوتێنن.



دیارە ئەوە جاری یەکەم نییە کە تورکیا تاوانی وا بەرانبەر نەتەوەکەمان لە باکووری کوردستان دەکات، ئەوەی کە جێگای نەنگییە وڵاتانی ئەوروپا لە ئاست ئەو تاوانانەدا گوێی خۆیان ئاخنیوە و زۆر بێشەرمانە بە گریلا کوردەکان دەڵێن تیرۆریست، بەڵام لە ئاست تاوانێکی وا، کە مەگەر هەر لە دەوڵەتی تورکیا و هاوشێوەکانی بوەشێتەوە بێدەنگن. دیارە ئەوروپییەکان کە بانگاشەی مافی مرۆڤ دەکەن، تەنها مەبەستیان لە خۆیانە ئەوەتا هەر نەتەوەیەک کە داوای ئازادی خۆی بکات و بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان کە زۆربەی جار لە فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەبیننەوە، مۆرێکی تیرۆریستیان پێوە دەنێنن وەک کورد، فەلەستینی، پڵنگەکانی تامیل، چیچانییەکان و کاشمیری و زۆری تریش.

کاتێک تورکیا بەرژەوەندی ئەوروپییەکان بە تایبەت لە مەسەلەی قوبرسدا دەخاتە مەترسییەوە و نایەوێت ددان بەو وڵاتەدا بنێت وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو، هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بوون بە ئەندامێتی ئەوروپای لێدەکەن، دەنا وەکی تر چاو لە هەموو تاوانەکانی تورکیا دەپۆشن، هەموارکردنی ئەو یاسایەی کە ناویان ناوە دژە تیرۆر لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە، نەک دژی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤە لە ئەوروپا بەڵکو دژی هەموو یاسەیەکی نێونەتەوەییە کە ئازادی ڕادەربڕین دەپارێزێت.

بە داخەوە تا ئەم چرکە ساتانەش هەموو هەوڵێکی ئاشتیانەی کورد لە باکوور بە تیرۆر و سەرکوتکردن وەڵام دراوەتەوە و ئەو پرۆژەیەی کە پکک بەناوی کۆماری دیموکراتی چەند ساڵێکە دوپاتی دەکاتەوە و دەستبەرداری نابێت نەک بە بنەبەست گەیشتووە بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ لەلای کورد قێزێونتر دەبێت و وەکو کاڵایەکی سوکی لێهاتووە، بۆیە دەبێت جارێکی تر بەو ستراتیجیەی یانیش تاکتیکەی خۆیاندا بچنەوە، ئەمەش بەمانای هەڵبژاردنی شەڕی چەکداری وەکو تاکە ئەڵتەرناتیڤێک نییە، بەڵکو هەوڵدان بۆ شێوە چارەسەرییەکی تر بە سەرخۆبوونەوە، بە تایبەت دەبێت پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی، ڕوونتر و ئاشکراتر داخوازییەکانی خۆیان بکەنە پرۆژە بەتایبەتی کە ساڵی داهاتووە لە تورکیا هەڵبژاردن دەکرێت، نابێت ئەو هەڵانەی کە پارتەکانی پێش ئەوان کردیان دووپاتبکەنەوە، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەرە لەگەڵ پارتە چەپ و لاوازەکانی تورکیا، شەرتیش نییە (DTP) هەموو هەوڵی کورد تەنها لە ڕێگای

هەڵبژارن وەکو پارتییەک تاقیبکاتەوە، لە کاتێکدا کە دەبێت دە دەرسەدی دەنگەکان بهێنن کە کارێکی ئاسان نییە بۆ کورد، ئەوان دەتوانن وەکو شەخس خۆیان کاندید بکەن، دەنا چەندین ساڵی تریش دەبێت لەو بازنەیەدا بێهودە بخولێینەوە.

کاتی ئەوە نەک هاتووە بەڵکو زۆریش درەنگە کە کوردی پارچەکانی تری کوردستان بە تایبەتی باشوور بەدژی تیرۆری دەوڵەتی تورکیا بەدژی براو خوشکەکەنیان لە باکوور دەنگی خۆیان بەرزبکەنەوە، ئەگەر ڕاگەیاندین باشوور هێندەی دەهۆڵ بۆ کولتوور و دیموکراسی تورکیا لێدەدەن، نیو ئەوەندەیان لەسەر تیرۆری تورکیا بنوسیایە ئەوا ئێستا ڕای گشتی لە باشوور لە ئاستێکی تردا دەبوو.


Ülkede Özgür
Gündem
28 HAZİRAN 2006 ÇARŞAMBA

Ülkede Özgür Gündem, Beşiri'de 'çatışmada öldü' denilen gerilla Abbas Emani'nin sağken görevliler arasında çekilmiş fotoğrafını yayımlayarak insanlık suçunu belgeledi

# İnsanlık yakılıyor!

VAHŞET

1 OPERASYONDA SAĞ YAKALANDI

Batman'ın Beşiri ilçesi Tepecik köyü yakınlarında 25 Ağustos 2005 tarihinde çıkan çatışmada, HPG gerillası Abbas Emani sağ olarak yakalandı. Asker kıyafeti giydirilen Emani, özel timler nezaretinde çatışmanın yaşandığı bölgeye 3 kilometre uzaklıktaki seyyar karargaha yaya olarak götürüldü.

2 SORGUDAN SONRA İNFAZ

İddialara göre seyyar karakoldaki Renault 19 Europa marka bir otomobilin yanında sorguya alınan 28 yaşındaki İran doğumlu Emani, önce kafasına kurşun sıkılarak infaz edildi. Emani daha sonra sürüklenerek tekrar çatışma bölgesine götürüldü.

3 CESET ATEŞE VERİLDİ

Bölge halkı ve yerel yöneticiler, çatışmanın sona ermesi için çatışma bölgesine yürüyüş başlatırken, aynı saatlerde Emani ile beraberindeki 6 HPG'li cabıklarla birlikte ateşe verildi. Konuyla ilgili açıklama yapan Batman Valiliği, 7 HPG'linin "çatışmada öldüğünü" duyurdu. Sayfa/6

EDİTÖR
Hukuk ayaklar altında